خالید/ بزوتنەوەی شورایی چی بوو،وە چۆن سەریهەڵدا،وە شوراکان کێ بوون؟ .

جەمال/بزوتنەوەی شورایی بزوتنەوەیەکی هۆشیارانەی ئامانجداری سەربەخۆی کۆمۆنیستەکان بوو،لەدوای تێکشکانی ڕژێمی بەعس لەبەهاری ١٩٩١ وەک بزوتنەوەیەکی جەماوەری سیاسی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا.ئەم بزوتنەوەیە مۆدیلێکی نوێ بوو لە سیاسەتو پەیڕەوی سیاسەت لەکۆمەڵگەدا.کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی کۆمۆ نێستی،کە پێشتر لە ژێردەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لەشارەکانی کوردستان و بەغداو جنوب بە نهێنی کاریان دەکرد بزوتنەوەی شوراکانیان دامەزراند.بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا بوو،ئەم بزوتنەوەیە تەقلیدی ئەحزابی کۆن پڕۆسۆڤێتی نەبوون،وە لەبەرامبەر ئەحزابی ناسیۆنالیستی چەکداری کوردی کە ئەوانیش ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی بەعس بوون.لەژێرسیاسەتی جیاواز لەسیاسەتی چەکداری سەریانهەڵدا،ئەم مۆدیلەنوێیە لەسیاسەت مۆدیلێکی شاری کرێکاری بەرفراوانی لاوانوژنانوکرێکاران لەکارخانەو گەڕەکەکاندا لەسەر بنچینەی کۆبونەوەی گشتی بڕیارنامەوپەسەندکراوەکان دەخرانەدەستورکارەوە،شەقڵی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەبزوتنەوەیەکی جەماوەریدارڕێکخرابوو.

خالید/شوراکان لەلایەن کێوەهەڵبژێردرابوون،بەچی میتۆدێک کاریان دەکرد،بەرنامەیان چی بوو؟.٢

جەمال/لەسەرەتای ڕاپەڕینە جەماوەرییو چەکدارییەکانی سەرەتای بەهاری١٩٩١ی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆڕاماڵینی ڕژێمی بەعس بەدروشمی(نان کار ئازادی حکومەتی شورایی)یەکەمین شیوەی دەرکەوتنوسەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیەبوو.لەودەمەدا سەرەڕای گەمارۆی ئابوری سەر عێراق لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە،هەژاریو بێکاریو نەبونی خزمەتگوزاری گشتی وەک ئاو،کارەبا،نەبوونی سوتەمەنی بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتبوو.هەرناوچەیەک کەئازاد دەکرا دەبوو بەشێوازێک بەڕێوەببرێت.حکومەتی بەعس لە تێکشکانێکی خێرادا لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان هەڵهات،تەنها لە کەرکوک توانیی بەرگرییەکی قورس بکات بەڵم سەرەنجام لەوێش تێکشکا.ئەو شارانە دەبوو بەڕێوە ببرین بۆیە لەشارەوانییەکانو تەواوی کارگەو دامەزراوەکانیتر وەک نەخۆشخانەکانو دامەزراوە گشتییەکان کۆبونەوەی گشتی لەنێوان کرێکارانو کارمەندانداا ئەنجامدەدراو نوێنەرانیان هەڵدەبژاردو ئەم نوێنەرانەش دەبوونە ئەندامی نوێنەرانی سەراسەری شار.

خالید/ ئەحزابی چەکداری ناسیۆنالیستی کوردی هەڵوێستیان چی بوو بەرامبەر شوراکانو کۆبونەوە گشتییەکان؟.٣

جەمال/ سەرەتا زۆر کەم ئاگاداری ئەم بزوتنەوەنوێیە بوون،وە توانای تێگەیشتنیشیان لێی زۆر لاواز بوو،هێزەکانیشیان بەتەواوی لە ئێران نەگەڕابوونەوەو پەرتەوازە بوون وە لەبەر ئەوەی کە هەڵسوڕاوانی شوراکان پێشتر لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانو مەحفەلە کرێکارییە بچوکەکاندا لەژێر سایەی دەسەڵاتی بەعسدا بەنهێنی خەباتیان دەکرد.بۆیە ئەوان دەوری پێشڕەوانەیان هەبوو لە ڕاپڕینی خەڵکدا دژ بە ڕژێم و یەکەم بەدیلی ڕژێم بوون.بەڵام پاش گەڕانەوەی هێزی چەکداری ئەحزابی ناسیۆنالیستی لە ئێران:ئەوان وەک بەرەی کوردستانی و شوراکانیش وەک مۆدیلێکی نوێ لەشێوەی دوو دەسەڵاتدا دەردەکەوتن .تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق و سکرتێری ئەوکاتو ئێستاشی یەکێک لە حیزبە گەورەکانی ناسیۆنالیستی کوردی و یەکێک لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لەڕێگەی ڕادیۆکەیەوە داوای لەخەڵک کرد کە تەنها بەرەی کوردستانی بەڕەسمی بناسن و شوراکان هەڵبوەشێننەوە.بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم بڕیارەی بەرەی کوردستانی لە١٦/٣/١٩٩١ میتینگێکی(٣٠٠٠)کەسی لەلایەن شوراکانەوە هاوشێوەی ساحەی تەحریری قاهیرە لەسەنتەری شاری سلێمانی بەڕێوە چوو،ئەمەش جێگیربوونی شوراکانی دووبارە کردەوە.بۆیە بەرەی کوردستانی ناچار بوو داوای گفتوگۆ بکات.بەڵام گفتوگۆکان هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە.پاشان هەڵسوڕاوانی بخوتنەوەی شورایی لە ئاستی کوردستان کۆبونەوەی گرنگیان ئەنجامدا بۆئەوەی پلان دابنین بۆ بەرەنگاربونەوەی بەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لەلایەک وە بەرەی کوردستانیش لەلایەکیترەوە.لەو ناوچانەی کە ئازاد کرابوون هەلو مەرجی گشتی زۆر ئاڵۆزو تێکچڕژاو بوو،بۆیە نەدەتوانرا پلانی دوورماوە جێبەجێبکرێت ،لەکورت ماوەدا توانرا پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک:ئاو،کارەبا،خاوێنکردنەوەی ناو شارو گەڕەکەکان،تیمارکردنی بریندارەکان،داڵدەدانی ئەو سەربازانەی ڕژێم کە خۆیان تەسلیمی خەڵکی ڕاپەڕیو کردبوو،لێپێچینەوەی ئاشکرا لەو خاوەن کارانەی کە سەرپێچییان کردبوو،و ئەوانەش کە هاوکاری ڕژێمیان کردبوو،ناردنی هێزی چەکدار بۆ بەرەکانی جەنگ دژی ڕژێم،بەرێوەبردنی کارگەو دامەزراوەکان و چاودێری و پاراستنی ئاسایشی شارەکان.

خالید/ پاس ئەوەی تاڵەبانی نەیتوانی کۆتایی بە شوراکان بهێنێ و ناچاربوو دانیشتنیان لەگەڵدا بکات.هەریەکە لە .٤ برەی کوردستان و بزوتنەوەی شوراکان داواکارییەکانیان لەو دانیشتنەدا چی بوو،بۆ بەڕیککەوتنێک نەگەیستن؟

جەمال/ئەوان لەبەرئەوەی بزوتنەوەیەکی دیکتاتۆرو دیسپۆتیزم بوون،لەژێر پەردەی ئەوەی کە هێشتا بەعس نەڕوخاوەو کورد ڕزگاری نەبووە هێرشەکانیان دەستپێکرد ئەوان بەپێی ئایدیاو بیرکردنەوەی خۆیان و بەپشتیوانی ئەمریکاش بەهیچ جۆریک دەسەلاتی شوراییان قبوڵ نەدەکرد.بەتایبەت ئەو بریارانەی کە شوراکان لە کۆبونەوە گستییەکان دابوویان وەک:یەکسانی ژن و پیاو و جیایی دین لە دەوڵەت،مافی دیاریکردنی جارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان لە لایەن خۆیانەوە،یاسای٣٥ سەعات کار و ٢ ڕۆژ پشووی لەسەریەک لە هەفتەیەکدا ،ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی و ناسینی نوێنەرەهەڵبژێرراوەکانی شوراکان وەک نوینەری ڕەسمی خاوەن دەسەڵات. لە هەقیقەتدا بەرەی کوردستانی کە بەرەی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بوو،هێزگەلێکی بۆرجوازی بوون کە هێشتا تامی دەسەڵاتی واقیعییان نەکردبوو،هەوڵیان بۆ گەیشتنە دەسەڵات دەدا.ئەو ئامانجانەی شوراکان ڕایانگەیاندبوو ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی بوو کە دەسەلاتی لەوان دەستاندەوەو ڕاستەوخۆ دەیدایەوە بە خەڵک.

خالید/مەبەست لە حکومەتی شورایی چیبوو کەشوراکان هەوڵی دامەزراندنیان ئەدا؟ جەمال/لەبەرواری١٤/١/١٩٩١.٥ کە هێشتا ڕاپەرین ڕوی نەدابوو ڕێکخراوی ڕەوتیک کۆمۆنیست بەیاننامەی ئەرکە دەستبەجێکانمانی دەرکرد،لەو بەیاننامەدا دامەزراندنی شورا کریکارییەکان وەک ناوەندی دەسەڵاتی حکومەتداری جێگیرکراوە.بۆئەوەی وێنەیەکی نزیکتر بدەم من ئەوکاتە یەکێک بووم لەو کەسانەی وەک ئەرکێکی سیاسی ڕێکخراوەیی لە هەولێرو کەرکوک پەیوەندیم کرد بەناوەندە کرێکارییەکانەوە.لەهەولێر ئەو بەیاننامەیامان بەسەر کرێکارانی دەواجین و ڕستن وچنین،و لە کەرکوکیش بەسەر کرێکارانی نەوتدا بەشێوەیەکی فراوان بڵاوکردەوە.لە١٢/٣ کە دووەم ڕۆژی ڕاپەرینی خەڵکی هەولێر بوو کۆبوونەوەی گشتیمان لەگەڵ کریکارانی دەواجین سازدا کەنزیکەی٥٠٠ کرێکار بوون،لەوێدا پلان و سیاسەتی خۆمان ڕونتر و فراوانتر بۆ باسکردن و ڕاستەوخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد.پاشان هەڵسوڕوانی بزوتنەوەی کرێکاری لە کارگەکانی ڕستن و چنین و کاشی و کارگە ئەهلییەکانی وەک:جلوبەرگ،سۆندە،پێڵاو و کەرتەکانی خزمەتگوزاری و شارەوان ناوەندی سەرەکی شورا کرێکارییەکانیان تەشکیل کرد.بەهەمان شێوەش لە سلێمانی لە کارگەی جگەرە و ئەلبیسەکە لەگەڵ شورای گەڕەکەکان کە ئەمان زیاتر چالاک بوون.بەکورتی دەمانویست بەشێوەی کۆمۆنەی پاریس ڕۆڵی شوراو نەقابە کرێکارییەکان و کۆمیتەی فابریکەکان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر پەرەی پێبدەین.بەڵام بەداخەوە بۆ ماوەی کورتی تەمەنی بزوتنەوەی شوراکان کە بەهۆی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بە هێرشی سەربازی فراوانو ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستان لەمێژویەکی کورتدا شکستی خوارد ٦.خالید/تەمەن وماوەی دەسەڵاتی شوراکان چەند بوو؟

جەمال/هەڵسوڕانی جەماوەریی بزوتنەوەی شورایی بەشێوەیەکی ئاشکراو لەشێوەی کۆبونەوە گشتی و جەماوەرییەکاندا کە بەشێوەیەکی فراوان خەڵک بەشداری تیادا دەکرد نزیکەی ٢٠تا٣٠ڕۆژ بوو.بەڵام دواتر بە شێوازی جۆراوجۆری تری وەک:کۆمەڵی ئاوارەکانی کوردستان کە شێوازی هەڵسوڕانیان کۆبونەوەی گشتی ئاوارەکان بوو،وە یەکێتی بێکاران،و دەستەی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی و کۆمیتە کرێکارییەکان لەکارگەکاندا بەتایبەت کارگەی جگەرە و ڕستنوچنین لە هەولێرو،کارگەی چیمەنتۆو ئەلبیسەکە و نەخۆشخانەکان لە سلێمانی بەردەوام بوو.

خالید/ بەرنامەی شوراکان چی بوو؟.٧

جەمال/هەر گەڕەک و ناوچەیەک ئۆتۆنۆمییەکی تایبەتی خۆی هەبوو،کە شوراکان و خەڵک لەکۆبونەوەی گشتییاندا خۆیان بریاریان ئەدا چی شتێک ئەولەویەتی کاریانە و ئەبێت چی بکەن،وە بەرنامەی سەراسەریش ئەوە بوو کە دەسەڵات لەدەستی کۆنگرەی سەراسەری شوراکاندایە وە لەبەرنامەی شوراکاندا هاتبوو:هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری حیزبەکان و سەربازی ئیجباری و دامەزراندنی هێزی چەکداری خۆبەخش کە لایەنگیریی سیاسییان بۆ هیچ حیزبێک نەبێت،قەدەغەکردنی کارکردن بە منداڵان و دانی بیمەی بێکاری و یەکسانی تەواوی ژن و پیاو لە هەموو مافێکدا لەشوێنی کار و لەناو خێزان و کۆمەڵگاشدا،چوونەسەرەوەی هەقدەستی کرێکاران کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بگونجێت،کۆبونەوەی گشتی کارخانەکان سەرچاوەی هەموو بریارێکی شەرعین لەپەیوەند بە کارەوە، ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و ئازادی ڕێکخراوبوون ومانگرتن و خۆپیشاندان و...هتد

خالید/ڕۆڵ و بەشداری ژنان چی بوو لە بزوتنەوەی شوراکاندا؟.٨

جەمال/زۆربەی کرێکارانی دەواجین و کارگەکانی ڕستنو چنین و جگەرەو کارگە ئەهلییەکانی وەک کارگەی سۆندەو پێڵاو وجلوبەرگ،...هتد ژن بوون و ئەوان ڕاستەوخۆ هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی شوراکان بوون،وە مۆدیلی نوێی بیوتنەوەی شورایی فرسەتی دەرەخساند بۆئەوەی ژنان لەم بزوتنەوەدا بەشێوەیەکی فراوان بەشداری بکەن.وە خودی ئیمە کۆمۆنیستەکان تیکەڵەیەکی جیاواز لە سونەتی ترادیسیۆنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بووین کە تایبەت بوو

به پیاوان.ئەم بزوتنەوەیە تێڕوانینی بۆ ژنان لە مەوقیعیەتی کۆمەڵایەتی یەکسانی ئینسانەوە بۆ تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا هەبوو،هەر بۆیە هەڵبژێرراوانی شوراکان بەرێژەیەکی بەرچاویش لە ژنان بوون.

خالید/خاڵی لاواز یا کەموکوڕی بزوتنەوەی شوراکان چی بوو؟.٩

جەمال/هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ دەرگیری ناکاملی گەشەکردن دەبێت،وە بزوتنەوەی کرێکاری لەژێر سایەی دیکتاتۆریی ڕژێمی بەعسدا بێئەندازە خنکینرابوو،ئەمە کاریگەری گەورەی بوو لەسەر هەڵسوڕانی شوراکان،وە ئەحزابی دەسەڵاتداری ناسیۆنالیستی کوردی خاوەن ڕابردوویەکی دامەزراوتر و تەمەن درێژتر وە بەپشتیوانی ئەمەریکا وە دین و سترەکتۆری کۆمەڵگاش مەجالی هەڵسوران و گەشەی شوراکانیان زۆر بەرتەسک کردبوو،ئەمانە لایەنە ئۆبێکتیفەکەی شوراکان بوو.وە هەلومەرجی سۆبێکتیفیش بریتی بوو لە:فرەمەیلی وڕەوتی جیاوازی سیاسی وفکری و کەم تەجروبەیی سیاسی وچەکداری وبەڕێوەبردن.وە نەبوونی کۆمۆنیکاسیۆن لەگەڵ دنیای دەرەوەو لەگەڵ کەسایەتی وئەحزاب وڕێکخراو و ڕەوتی مرۆڤدۆست وپێشکەوتوخوازی جیهان کە ئەمەش بەربەستێکی تر بوو بۆ درێژەدان بە هەڵسوڕانی بزوتنەوەی شورایی.

خالید/ئەو کاریگەرییانە چی بوون کە بزوتنەوەی شوراکان لەدوای خۆیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان .١٠ بەجێیانهێشت؟

جەمال/ئەگەر چی ئەم بزوتنەوەیەبەو سێوە فراوانەی پێشوو کە لە کارگەو کارخانەو شوێنەکانی کارو ژیانی خەڵک هەبوون نەما.بەڵام هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نەقشی ئەم بزوتنەوەیە کە تەوەرەی سەرەکی لە ئازادبوونی ئینسان لە کۆتوبەندی دین وئاداب و کلتورو سەرمایە وەرئەگرێت،کە بەری پێئەگیرێت ناچارە ئەچێتە قاڵب وفۆڕمی ترەوە:وەک ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان،کۆمەڵەی سەربەخۆی خەێندکاران،سەنتەری ئەدەبی نینا،ڕێکخراوی هونەری شەبەنگ، یەکێتی بێکارانی کوردستان،کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان،ڕێکخراوە کرێکارییەکانی کارگەو کارخانە جیاوازەکان.کە هەموویان بە جۆرێک پەیرەوی بەرنامەی بزوتنەوەی شوراکانیان دەکردو لەسەر بنچینەی کۆبونەوەی گشتی سیاسەت و کاری خۆیان بەڕێوە دەبرد.

خالید/ئێستا ئەم بزوتنەوەیە لەکوێی کۆمەڵگای کوردستاندایە؟.١١

جەمال/ئەو شۆڕش و هەڵچونانەی لە٢تا٣ساڵی ڕبردودا لە جیهانی عەرەبیدا ڕوویاندا،خۆپیشاندانەکانی یۆنان،ئەو هەڵسانە جەماوەرییە گەورەیەی لە١٧ی شوباتی٢٠١١لەکوردستان،وە بەتایبەت لە شاری سلێمانی و دەوروبەری ڕوویاندا.وە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەی لەبواری کۆمۆنیکاسیۆن هاتۆتە ناوەوە،کوردستان خۆی بە بەشێک لە جیهان دەزانێت و لەو ئاستەی چاوەڕوانیدایە کە ئەم بزوتنەوەیە بتوانێ پێشمەرجەکانی ئەم تێکەڵاو بوونە ئینتیگراسیۆنە دابین بکات.زەمینەیەک دەرەخسێت کە ئەم ئالگۆیە لە دەخالەتی تاک لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگادا بهێنێتەوەو پراکتیزەی بکات،وە ئەمە ئەرکی فکری وسیاسی بزوتنەوەی کرێکارییە کە بەداخەوە لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستادا لە ئاستێکی نەخوازراودایە